# بژی سەربەخۆیی کوردستان     ئەحمەد دەشتی

هۆ کوردستانی شیرینی من دەبێ ڕۆژێ بێتن  کە تۆش سـەربەخۆ و ببی و گەلی کوردیش لە ژێر ئاڵای ڕەنگینی خۆی دا بەکوێرایی چاوی داگیرکەران و نەیارانی کوردو کوردستان خاوەن وەڵاتێکی تخوبداری خۆی بێت و بە ئازادی  و ڕزگاری لە ناو خاکی خۆی دا بژیتن. ئای کە دڵشاد و خەندان بووم کە جەماوەری کوردستانم بە چاوی خۆ بینی بە ئاڵا ڕەنگینەکەی کوردستانەوە پڕ بەدەم هاواری بژی کوردستان و بژی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، کەئەمەش مافێکی زەوت کراوی ساڵەهای ساڵی گەلی کوردی چەوساوەیەوگەلەمێژە  کە داگیرکەرانی کوردستان زەوتیان کرووە و تەنانەت مافی داوا کردنیشمان نەبووە،گەلی کوردیش وەک تەواوی گەلانی جیهان مافی خۆیەتی کە خاوەنی وەلاتی خۆی بێت و ئاڵا ڕەنگینەکەی لەهەموو کوردستان و جیهان دا لە سەر باڵاخانەی نەتەوە یەک گرتووەکان دا بشەکێتەوەو جهانیان دان بە مافی ڕەوای گەلی کوردیش  بێێنن کە کوردیش بۆ خۆی خاوەنی قەوارەیەکی میللی خۆی ببێت و چیتر داگیرکەرانی دڕندە و مرۆکوژانی دیرۆکی کوردستان نیشتمانی کورد بە خاک و خوێن نەکێشن و ئەو هەموو دکرەسات و کوشت و کوشتار و ماڵ وێرانیانەی کە سەدان سالە بەسەر گەلی کوردیان دا سەپاندووە و 50 ملیۆن کوردیان لە سەر خاکی خۆی دا بێ بەش لە هەموو مافێکی میللی خۆی کردووە و ساڵەهایە دەچەمانچەو سێننەوە و بە هەزاران هەزارانیان زیندە بە چاڵ و کردین و لە ناویان بردووەین،دەبێ کە ئەم ڕەفتار فاشیانە لەکوردستان دا نەمێێن و توربدرێن و کوردیش بۆ خۆی لەناو لانەی کوردستانی خۆی دا سەربەخۆو شادان و خەندان بژیێت و کوردستانی ڕەنگینی خۆی ئاوەدان بکاتەوە و زانایانەبەرەو پێشەوە بڕوات و گەلی کوردیش خاوەنی وەلاتێکی سەربەخۆی کوردستان بیت ، کە ئەمەش مافێکی ڕەوای هەر میللەتێکە و هێوای لە مێژینەی هەموو کوردێکیشە کە بە چاوی خۆی ببێنێت ئاڵا ڕەنگینەکەی کوردستانی هەر شەکاوەیە ،ئاڵای مرۆکوژان و دڕندەکانی کورد کوژ چیرت لە سەر خاکی کوردستان و مەزاری شەهیدەنەمرەکانمان دا نەمێنتەوە و بۆ هەمیشە  لە ناو بچێت،کە ئەمەش ئاواتی هەموو کوردێکەو دەبێ وەدی بێت و گەلی کورد پێی شاد ببیێت ،ئێمەی کورد کە ساڵەهای سالە لەو ڕێگەیە  پیرۆزەدا بەهەزاران هەزار قوربانیمان داوە و تا ئەمڕۆکەش گەلی کورد لە ڕێی سەرکەوتنی ئەم ئاواتە مەزنە کە

سەربەخۆیی کوردو کوردستانە نەوەستاوە و قەتیش ناوەستێت و دەبێت ڕۆژێ بێت کە کوردیش سەربەخۆ و شادو خەندان لە سەر لانەی باوک و باپیرانی خۆی دا سەربەخۆ بژیت و تا ئەو ڕۆژەش نەیەت بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردو کوردستان قەت ناوەستێت و قەت ناسرەوێت،ئەمرۆکە وا دەبینین کە لە سەرتاسەری کوردستانی باشوور دا لە هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان دا کۆمەلانی خەلکی کورد بە ملیۆنها مرۆڤی کورد بە تێکڕایی ڕژاونەتە خیابانەکان و ئالآی ڕەنگینی کوردستانی خۆیان بەرز کردۆتەوە و پڕ بەدەم هاواری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و دەلێن بژی کوردستان و بژی سەر کەوتنی وەلاتێکی سەربەخۆیی کوردو کوردستان و لە بەر چاوی جیهانیان دا پڕ بەدەم هاواور دەکەن و داوای ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلی کورد لە سەر خاکی خۆی دا دەکەن،ئەمەش بۆ گەلی کورد سەرکەوتنێکی زۆر مەزنە و کە تا دوێنێ بە کەمترین مافە ڕەواکانی مللی خۆی ڕازی دەبوو بەلام داگیرکەرانی کوردستان دانیان پێدا نەدهێناو و گەلی کوردیان جینۆ سید دەکرد و لە سەر داوا کردنی مافە ڕەواکانی میللیمان دیمان کە چیان وەسەر هێناین ، کەچی ئەمرۆکە گەلی کورد وا هاوار دەکات و بە ڕاشکاوی دەلێت سەربەخۆیی کوردستانمان دەوێت کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیتر گەلی کورد چیتر نایەوێت لە ژێر چنگی دڕندەکان و داگیرکەرانی کوردستان و مرۆ کوژان دا بژیت و بمێنتەوە ، وەک کورد گوتەنی کاسە کە پڕ بوو ئیتر لێی دەرژێت،سا دەبێت جیهانیان ئەم ڕاستیە چاک بزانن کە تەواوی ناوچەی خاوەر میانە بەبێ دان نان بە مافی سەربەخۆیی گەلی کورد هەرگیز ئارام نابێت و گەلی کوردیش بێ وەلاتێکی کوردەواری خۆی بە هیچ شتێکی تر ڕازی نیە و هەرگیز دەست لە خەبات و تێکۆسانی خۆی هەڵناگرێت تا وەدی هاتنی کوردستانێکی سەربەخۆ ورزگار و ئازاد ، بۆ ئەم مەبەستەس کەسەربەخۆیی کوردستانە وەک هەمیشە بە دڵ و بە گیان قوربانی دەدات و هەر بەرەو پێشەوە دەچێت و تازە پاشگەز نابێتەوە و دەبێ کوردستان سەربەخۆ بێت و وەڵاتێکی کوردەواری بێتە کایەوە.بژی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن قەوارەیەکی میللی کورد .

2004.10.3